# تكای فرمێسك .. له‌ باران



سه‌رهه‌نگ خامۆش
Xamosh_s@hotmail.com

باران..بباریَ

من له‌ ترپه‌ی ده‌نگی تۆوه‌ فێربووم

گۆرانی بۆ عه‌شق بلێم

له‌ شه‌پۆڵه‌ شێته‌كانت فێربووم

چۆن په‌لاماری

كه‌ناری ده‌ریای شه‌رم بده‌م

من و تۆ به‌یه‌كه‌وه‌ ده‌بارینه‌ نێو

کێڵگە تینوەکانی ئەوین

بەڵام تۆ هەندێ جار

جێم دەهێڵی

هەور لەسۆمای چاوەکانم

دەتۆرێنی...

* * *

باران..بباریێ

لەگەڵ ڕۆندکە بێ نازەکانی من

بەم ئێوارەیە ناوەختە

تەنها دوو دڵۆپ..دووحەز

دوو ووشە.. جێ مەهێڵە

تۆ لەگەڵ پەیامەکانت

بەرەو دەروازەیەکی پڕلەغوربەت

هەنگاو دەنێی

کەچی فرمێسکە پڕ حەسرەتەکان

هەر لەدەڤەری گۆنای زەردم

دەمیننەوە..

* * *

باران..بباریٚ

تەنها دوودلۆپ

لە پێڵوی چاوەکانم

لە سۆمای بیٚ جورئەتم

بکە دیاری...

من لەزەمەنێك یاخی بوومە

لەدوو ووشەی نیو دێرێکی چامەیەکم

منداڵیم دێنێتەوە یاد

کەلەبەردەم مامۆستاکەم

بەترسەوە..پیتەکانی وانەیەکم

بۆلێك نەدرا..

* * *

باران..دەستم دامێنت

حەریفم بە..بەلێزمە بباریٚ

من دەزانم

سەفەری ئەمجارەی تۆ

بۆ بیابانی عەشقە

بۆیە ترپە بەسۆزەکانی تۆ

لە ترپەی دڵی من دەچن

دڵۆپە بەرێژنەکانی تۆ

لەدڵۆپی چاوانی

بێ ئۆقرەی من دەچن..

* * *

کچی باران..دەزانم تۆش

چاوەڕێی ئەم دوو دڵۆپە

شەرمنە دەکەیت

ئەم دوو ووشە یاخی بووەی

بەبارانم سپاردووە

کە پیتەکانی لەزمانم تۆراون

لە ئەفسونەکانی عەشقت ترساون

کە پێت بڵێن

خ ۆ ش م د ە و ێ ی